# من ... چیرۆکەوانـــی دەریام !

**هێمن حمه جزا**

(( بێ دوو دڵی و
یەکسەر لەدەریاوە ..،
من ... چیرۆکەوانی دەریام ! ))

* * *

**گوێ بگرن ،**
**ئه مجارەیان لەدەریاوە هاتوومەوە !**
**لەدەریاوە ...**
**ماڵێکم پێیە ،**
**سەرڕێژە لە غروری کچان !**
**لەدەریاوە ...**
**هەردوو گیرفانم پڕکردووە ،**
**لەبۆنی عەتری گیا و**
**لەتامی جەنگی خوساوە !**
**گیرفانم پڕە ،**
**لەعەشقی بچوك بچوکی شـێدار و**
**لەوردە ماچی سەرما بردەڵە ...!**
**من ... کەلەدەریاوە دێمەوە**
**جەستەم شەلاڵە لەئاو و**
**ڕۆحیشـــم لەتەنهایی ...!!**
**من ... کەبیرکردنەوەم ،**
**لەکۆڵانە تەنگەبەرەکانی ئاوا لێجێما**
**ئەبێ باخچە بم بەخشێ ،**
**کەناپەرژێتە سەر ماچکردنی ،**

یەکەبەیەکەی گوڵەکانی !
ئەبێ دایکم بم بەخشێ ،
کەناتوانم عەسرێك لەلای بمێنمەوە ..،
بۆخوێندنەوەی شـیعرێك و
بۆخواردنی قاشـێك کێك و
بۆژماردنی دەنکە بەدەنکەی تەزبیحەکانی !
ئەبێ مامۆستا بم بەخشێ ،
لەنەچونەوەم بۆ قوتا بخانە !
لەئیکمال بونم لەوانەکانی زاکیرەدا !
ئەبێ مامۆستا بم بەخشێ ،
لەنەزانین و بێدەنگیم ،
لەوتنەوەی ئایەتەکانی خۆکوشتنا !
لەنەهاتنە ژورەوەم ،
بۆدەرسەکانی سیاسەت !
ئەبێ مامۆستا بم بەخشێ ،
لەخەیاڵ ڕۆیشتنم لە پۆلا ،
بۆلای یـار و
لەنەکردنی سلاوێك ،
لەژوری ئیدارە !!
من ... کەلەدەریاوە دێمەوە ،
گوناهبارێکی ئەبەدیم ... لەفڕینـا !
دەستەواژەیەکی چەوتم ... لەڕاموسانـا !
منالێکی ڕاکردوم ... لەحەقیقەتـا !
من ... کەلەدەریاوە دێمەوە ،
بەرپرسـیارم !؟
بەرپرسیارم ،
لە پەرش وبلاویی ئەو ژورەی ،
کەباوکم خۆی تیاکوشـت !
بەرپرسیارم ،

لەبانگکردنی چـــایەکی کەم شەکر ،
کەهاورێکەم بانگی کردو نە یخواردەوە !
بەرپرسیارم ،
لەتەکاندنی ئەوتەپ وتۆزەی ،
کەبەسەر شـــوشە عەترەکانی دایکمەوەیە !
من ... بەرپرسیارم ،
لەفڕینی چۆلەکەیەك ،
کەتەنهایی خواردویەتی !
بەرپرسیارم ،
لەخەتی ناخۆشی منالێك ..،
کەلەدەفتەری وێنەکەیا نوســـیویەتی ،
ئای چەند ناخۆشە ... ژیان و مەکتەب و باران !
بەرپرسیارم ،
لەگرژومۆنی باخەوانێك ،
کەهەموو هەنارەکانی لەتەنهاییا شەقیان بردووە !
بەرپرسیارم ،
لەڕەنگکردنی ئەو جەنگەی ،
کەجەنەڕاڵێکی پیر بێـهودە ئەکا !
من ... بەرپرسیارم ،
لەو نیگارکێشـــەی ،
کەنازانێ فڕین ڕەسمکا !
بەرپرسیارم ،
لەشـــارێك مێرووله ،
کەدڵیان بەباخچە ناکرێتەوە !
بەرپرسیارم ،
لەکۆکردنەوەی هەموو ئەو نیشـــتمانانەی ،
کەلەکتێبی جوگرافیادا هەیە !
بەرپرسیارم ،
لەشەرحکردنی گۆرانییەك ،

کەباران تێی ناگا !
من ... لەدەریاوە هاتومەوە !!
لەدەریادا کەس ناژی ،
تەنها یادەوەری نەبێ !
گەڕەکەکانی دەریا ،
پڕن لەماڵی چۆڵ و
پڕن لەگلەیی !
پارکەکانی دەریا ،
جمەیان دێ لەکوفر و
سەرڕێــژن لە پەشیمانی !
لەوێ ،
تەنها یەك چەشنە گۆرانیت گوێ لێئەبێ و
لەوێ ،
هەموو شـــتێك تەڕە ... تەڕ !!
لەوێ ،
ئێوارە تەڕە و
جادە تەڕە و
ئینجانە تەڕ !
لەوێ ،
مردن تەڕە و
کۆڵان تەڕە و
عەشق تەڕ !
لەوێ ،
مناڵیم تەڕە و
ڕاکردنم تەڕە و
هەمیشە ... سەفەرم تەڕ !
لەوێ ،
هەموو شـــتێك تەڕە ... تەڕ !!
ئە مجارەیان ...،

لەدەریاوە واهاتومەوە ،
کەهەرگیز نەگەڕێمەوە !
واهاتومەوە ،
کەڕەسمێك لەگەڵ خەیاڵی تەڕی کۆترا بگرم !
واهاتومەوە ،
کەئەمشەو لە باخێك پرتەقاڵا بەرمە سەر !
واهاتومەوە ،
کەتـا ( بـا ) حەزکا ڕاکەم !
واهاتومەوە ،
کەتەنهایم پڕکەم لەتریفە و
نامەیەکی تر بدەمەوە بەشکستم و
سەر بەماڵی گەیوی خەیاڵما بکەم !
ئە مجارەیان ...،
واهاتومەوە ،
کەبەدەم شیعرێکەوە ...،
بۆ دەریا و
بۆ یادەوەری و
بۆ ژیـان ... بـگریم !!

( مانگی ٩ / ٢٠٠٣ – کۆتایی ساڵی / ٢٠٠٣ )
– سلێمانی –